

# پاراستن.، پاراستنی سەرو سامانی خەڵکی
# یان پاراستنی.، نزار خەزرەجی...؟

**مستەفای حەسەنە گەورە**

لەم ڕۆژانەی دوایی ڕەنگە زوربەتان ئاگاداری ئەوە بن کەچیرۆکی هێنانی نزار خەزرەجی تاوانبار، لەلایەن دەزگای پاراستنی پارتیەوە لە موسڵەوە بۆ کوردستان.کەلە هەفتەنامەی میدیای ژمارە 287 , ڕۆژی 1.5.07 بڵاو کرایەوە، ئەو کەسەی نزاری هێناوە لە موسڵەوە بۆ کوردستان ئێستا هێندەی هەموو دونیا پەشیمانە لەو کارەی کردوویەتی، بە زمانە سادەو کوردانەکەی خۆی ئەڵێت ئەگەر ئەمزانی ئەو دەستی هەبووە لە ئەنفال و کیمیا بارانی کوردستان هەر لەوێ ئەم کوشت. من ئەو ڕۆژانە لە کوردستان بووم بە هۆی سەرقاڵیم بە ئیش و کاری ترەوە نەمتوانی وەڵامێک دەست بەجێ بدەمەوە، یان هیچ نە بێ پرسیاری ئەوە بکەم، ئاخۆ دەزگای پاراستن ئەرکی پاراستنی سەرو سامانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی لە ئەستۆدایە، یان پاراستنی بکوژان و قڕکەرانی گەلەکەمان ، کەس نیە چیرۆکی یان لانی کەم ناوی نزار خەزرەجی نەبیستبێ . کێشەکە لێرەوە دەست پێ ئەکات، پاراستن، پارتی..؟ خواتان بێت دەربازکردنی تاوانبارێکی وەک نزار خەزرەجی دەبێ چی سودێکی بۆ ئێوە هەبێت، هێنانی لە موسڵەوە پاشان بردنی بۆ دەزگای پاراستن لە ئاکرێ و بەڕێکردنی بۆ دەرەوە ی وولات لە پای چی...؟ لەپای ئەوەی کەتا تونیویەتی کوردی کوشتووە، ڕاستەوخۆ پلانی ئەنفال وکیمیا بارانی هەڵەبجەی داڕشتوە، نازانم چیتان پێ بڵێم، بە چ زمانێکی زبرو دڕکاوی لەگەڵتان بدوێم من هەر ئەوەندە ئەڵێم کە پاش دەیان ساڵی تریش بێ باجی ئەو ناپاکیە گەورەیە ئەدەن. نەدەکرا بۆ تەنیا جارێکیش هەڵوێستێکی مەردانەتان نواندباو لەجیاتی پاراستن و داڵدانی تاوانباران دادگاییتان کردبان .

بەڵام دیارە هەرگیز ئەم هەڵوێستە لە ئێوەو هاو پەیمانەکانتان ناوەشێتەوە، پارتی و پاراستن هەربەوەوە نەوەستان نزار ڕزگار بکەن، بەڵکو کاتێ لە دادگای باڵای تاوان لە دانمارک وەک تاوانبارێ کە بەشداری لە کۆمەڵ کوژی کورد کردوەو تاوانبارە بە تاوانی جینۆ ساید لە دژی گەلی

**کورد لە کوردستانی باشور، نامەیەکی پشتیوانیان بۆ نزاری تاوانبار نارد کە داوا لە دادگای باڵای دانمارک ئەکەن ، نزار خەزرەجی هیچ پەیوەندی بە کیمیا باران و ئەنفالە وە نیە. لەکاتیکدا خۆی بەزمانی خۆی لەکاتی خۆناساندنی بە پۆلیسی دانمارکی تەنانەت ژمارەی ئەنفال کراوەکان بە 250 هەزار کەس لەقەڵەم ئەدا . لە هەمووشی سەیرتر یان بەزمانێکی تر، شەرمەزاری تر نەک هەر نامەی پارتی بەڵکوو نامەی پشتیوانی یەکیە تی نیشتیمانیشی هاتە سەر تاقە جیاوازیەک کە هە بوو ، پشتیوانی یەکیەتی دوو نامە بوون ، جگە لە لێدوانەکەی مام جەلال لە کووەیت بەڕاشکاوی ووتی نزار خەزرەجی هیچ پەیوەندی بە کیمیا بارانی هەڵەبجەوە نیە، تۆزێکی تر دادگایی کردنەکە تاوانبار نزار خەزرەجی درێژەی کێشابا.،؟ هیچ دوور نەبوو هەوڵ بدەن نامەیەک بە ناوی عومەری خاوەرەوە تەزویر بکەن و بیکەنە نامەیەکی پشتیوانی تر، ببورە حەزرەتی عومەری خاوەر لە گۆڕەکەت ڕات ئەپەڕینم ، ئەو گۆڕەی تا ئێستاش بۆنی کیمیایەکەی نزاری لێ دێت، ئاخر خواتان بێت یەکیەتوو پارتی کەی ئێوە ئاوا ڕێک بوون ، ئێستاشی لەگەڵ دابێ، بەڵام بۆ پشتیوانی ئەم تاوانبارە، هەموو خیلافەکانتان خستە لاوە . تەنانەت نامەی پشتیوانی بزوتنەوەی ئیسلامیشی هاتە سەر ، جاوەرە تۆ وەک کوردێ ئامادەی ئەم دادگایی کردنە بەو شەرم دات نەگرێ، بەڕاستی شەرمم لە کورد بوونی خۆم کرد، بێزم لە هەموو شتی ئەکردەوە کاتێ چوار نامەی ڕنگ زەرد، زەرد وەک دەسەڵاتی پڕ گەندەڵی ئەم دەسەڵاتی مافیای کوردیە کەناوی لە خۆی ناوە حکومەتی کوردستان. پشتیوانی لە تاوانبارێکی وەک نزار خەزرەجی بکەن، لە چاوی دادوەرو پارێزەرە دانیمارکیەکان دەیان پرسیارو چیرۆکم ئەخوێندەوە، چیرۆکی بێ هەڵوێستی سەرانی کوردو چیرۆکی پڕ شانازی تاکی کورد .**

**لەجیاتی ئەوەی سەرکردەکان، حزبە سیاسیەکان، خەڵک هان بدەن کەلەهەر شوێنێکی ئەم دونیایە تاوانبارێک هەیە، هەوڵ بدەن بیدەنە دادگاو دۆزی کوردی پێ بەهێز بکرێ ،هاوکێشەکە ڕێک پێچەوانەیە، ئەوەتا هەر لەو دانمارکەی لای خۆمان کۆنە موستەشارێکی سەردەمی بەعس کە موستەشاری فەوجی 21 بوە بەناوی عەبدوڵای هەمزە ئاغا چوار ساڵ بەرپرسی پارتی بوو لەم دانیمارکەو ، سەیرەکەشی ئەوەیە نزار خەزرەجی و عەبدڵا ئاغا لەهەمان شار ئەژیان، ئاخۆچەند جار شەوانە بیرەوەریەکانی سەردەمی ئەنفالیان بۆ یەکتر گێڕابێتەوە، دەک ئافەرم پارتی بۆ خۆت و بەرپرسی کۆنە جاشت.**

25.5.2007